پژوهشنامه ادبیات کردی
بهار و تابستان ۱۴۰۱
سال ۸، شماره ۱، پیاپی ۱۳

Journal of Kurdish Literature
Spring and Summer 2022
Vol. VIII, No. 1, Series 13

# گێڕانەوەی کارەساتی قەڵای دمدم لە نێوان کتێبی *مێژووی عالەم ئارای عەباسی* ئەسکەندەربەگی تورکمان و ڕۆمانی *دمدم* ی عەرەب شەمۆ

حەسەن سەرباز[۱]

نوع مقاله: پژوهشی
تاریخ دریافت: ۵ اسفند ۱۴۰۰؛ تاریخ پذیرش: ۱۸ شهریور ۱۴۰۱؛ صص. ۱۷۵-۱۸۵
**DOI:** https://www.doi.org/10.34785/J013.2022.010

## کورتە

یەکێک لەو کارەساتە گرینگ و خوێناوییانەی لە مێژووی کوردستان و پاش دابەش کردنی ئەم ناوچەیە لە نێوان دەوڵەتەکانی سەفەوی و عوسمانی رووی داوە، هێرشی شاعەباسی سەفەوی بۆ سەر قەڵای مێژوویی "دمدم" و بەرخۆدانی خەڵکی ئەم دەوەرەیە بە سەرکردایەتی "ئەمیرخانی برادۆست" ناسراو بە "خانی لەپ زێڕین" کە دوای بەرگری و بەرخۆدانێکی زۆر و دوای چەند جار تێک شکاندنی سوپای سەفەوی، ئەو قەڵایە داگیر دەکرێ و ئەمیر خان لە گەڵ هەواڵانی دەکوژرێن. کارەساتی قەڵای "دمدم" بۆ یەکەم جار لە کتێبی *مێژووی عالەم ئارای عەباسی* نووسراوی ئەسکەندەر بەگی تورکماندا کە خۆی لە گەمارۆدانی قەڵا و هەموو رووداوەکانی پاش داگیر کردنی‌دا بەشدار بووە، تۆمار کراوە. ئەو کارەساتە لە ئەدەبی زارەکی و ڕەسمی کوردیش دا رەنگی داوەتەوە و بە چەشنەکانی بەیت و گۆرانی و شێعری حەماسی و چیرۆک و ڕۆمان خۆی نواندووە. "عەرەب شەمۆ" یەکێکە لەو نووسەر و ئەدیبە مەزنانەی کە بە شێوەی ڕۆمانی مێژوویی ئەم رووداوە مێژووییەی تۆمار کردووە. لەم وتارەدا هەوڵ ئەدرێ بە شێوازی لێکۆڵینەوەیی- شیکارانە و بە پێی قوتابخانەی ئەمریکی ئەدەبی بەراورد، بەراوردێک بکرێ لە نێوان بۆچوون و ڕیوایەتی فەرمی ئەسکەندەر بەگی تورکمان، نووسەری تایبەتی شاعەباسی سەفەوی و عەرەب شەمۆ نووسەر و ڕۆمان نووسی گەورەی کورد سەبارەت بە کارەساتی مێژوویی قەڵای دمدم. بە خوێندنەوەی ئەم دوو کتێبە بۆمان دەردەکەوێ کە بۆچوونی نووسەرەکانیان لە گێڕانەوەی ئەم کارەساتە و ناساندنی کەسایەتی"ئەمیرخانی برادۆست" و دانیشتووانی قەڵای دمدم و هۆکارەکانی هەڵگیرسانی شەڕ و دەرەنجامەکانی ئەو شەڕە زۆر جیاوازە.

**وشەگەلی سەرەکی:** قەڵای دمدم، ئەمیرخانی برادۆست، ئەسکەندەر بەگی تورکمان، *مێژووی عالەم ئارای عەباسی*، عەرەب شەمۆ.

## چکیده

یکی از حوادث مهم و خونین در تاریخ کردستان که بعد از تقسیم این منطقه میان دولت‌های صفوی و عثمانی روی داده است، تهاجم شاه عباس صفوی به قلعه تاریخی دمدم و مقاومت ساکنان آن به رهبری امیرخان برادوست است که بعد از مقاومت زیاد و چند بار شکست دادن سپاه صفوی، به تسخیر نیروهای مهاجم در می‌آید و امیرخان و همراهانش کشته می‌شوند. این رویداد تاریخی نخستین بار در کتاب *تاریخ عالم آرای عباسی* نوشتۀ اسکند بیگ ترکمان که خود در محاصره و تمام حوادث بعد از آن مشارکت داشته ثبت شده است. این حادثه در ادبیات شفاهی و رسمی کردی نیز بازتاب یافته و در قالب بیت، ترانه، اشعار حماسی، داستان و رمان منعکس شده است. عرب شمو یکی از ادیبان و نویسندگان برجستۀ کرد است که در قالب رمان تاریخی به این رویداد تاریخی پرداخته است. در این پژوهش تلاش می‌شود که با استفاده از روش توصیفی-تحلیلی و بر اساس مکتب آمریکایی ادبیات تطبیقی حادثۀ تاریخی قلعه دمدم در روایت رسمی اسکندر بیگ ترکمان، منشی دربار شاه عباس صفوی در کتاب *تاریخ عالم آرای عباسی* و رمان تاریخی *دمدم* اثر عرب شمو، رمان نویس برجستۀ کرد بررسی شود. بررسی این دو کتاب نشان می‌دهد که نگاه این دو نویسنده در روایت این حادثه کاملا متفاوت است و در حالی که اسکندر بیگ مقاومت امیرخان و ساکنان قلعه را خیانت و یاغی‌گری می‌داند، عرب شمو این دیدگاه را رد می‌کند و این حادثه را دفاع مشروع و مقاومت در برابر مهاجمان می‌داند.

**واژگان کلیدی:** قلعه دمدم، امیرخان برادوست، اسکندر بیگ ترکمان، عالم آرای عباسی، عرب شمو.

## ۱- پێشەکی

گەلی کوردیش وەک گەلانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوین خاوەنی مێژوویەکی پڕ لەکارەساتی تاڵ و شیرین و تێکۆشان و بەرخۆدان و سەروەرییە. لە مێژووی کوردا گەلێک رووداوی گرینگ و چارەنووس ساز رووی داوە کە مێژوونووسان تۆماریان کردوون و شاعیر و ئەدیب و بەیت بێژە دەنگ خۆش و نەناسراوەکانیش پاراستوویانن و نەیان هێشتووە لە بیری خەڵکی کوردستان بچنەوە. یەکێک لەو کارەساتە گرینگ و خوێناوییانەی لە مێژووی کوردستان و پاش دابەش کردنی ئەم

۱. پرۆفیسۆری یاریدەدەری زمان و وێژەی عەرەبی، زانکوی کوردستان، سنە، ئێران. توێژینگەی کوردستان‌ناسی، زانکۆی کوردستان، سنە، ئێران. h.sarbaz@uok.ac.ir

ناوچەیە لە نێوان دەوڵەتەکانی سەفەوی و عوسمانی رووی داوە، هێرشی شاعەباسی سەفەوی بۆ سەر قەڵای مێژوویی "دمدم" و بەرخۆدانی خەڵکی ئەم دەوەرەیە بە سەرکردایەتی "ئەمیرخانی برادۆست" ناسراو بە "خانی لەپ زێڕین" کە دوای بەرگری و بەرخۆدانێکی زۆر و دوای چەند جار تێک شکاندنی سوپای سەفەوی، ئەو قەڵایە داگیر دەکرێ و ئەمیر خان و زۆرێک لە خەڵکی ئەو قەڵایە دەکوژرێن.

کارەساتی قەڵای "دمدم" بۆ یەکەم جار لە کتێبی عالەم ئارای عەباسی وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی تۆمار کراوە. ئەم کتێبە نووسراوی ئەسکەندەر بەگی تورکمانە کە مێژوونووسی دەوڵەتی سەفەوی و مونشی تایبەتی شاعەباس بووە و خۆی لە گەمارۆدانی قەڵا و هەموو رووداوەکانی پاش داگیر کردنی بەشدار بووە. ئەو کارەساتە ئەوەندە گرینگ و سەرنج ڕاکێش بووە کە لە بیر و مێشکی خەڵکی کوردستاندا جێگیر بووە و لە ئەدەبی زارەکی و نووسراوەیی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە و بە چەشنەکانی بەیت، گۆرانی، شێعری حەماسی، چیرۆک و رۆمان خۆی نواندووە.

"عەرەب شەمۆ" رۆمان نووسی گەورەی کورد یەکێکە لەو نووسەر و ئەدیبە مەزنانەی کە بە شێوەی "رۆمانی مێژوویی" ئەم رووداوە مێژووییەی لە رۆمانی *دمدم* دا تۆمار کردووە. ئەم رۆمانە ئەگەر چی رۆمانێکی مێژووییە و عەرەب شەمۆ وەک هەر رۆمان نووسێکی مێژوویی تر بە ڕوانگەیەکی هونەری رووداوێکی مێژوویی دەگێڕێتەوە و بەم کارە یاد و خۆڕاگری "خانی لەپ زێڕین" و هەواڵانی پاراستووە، بە خەیاڵی هونەرمەندانەی خۆی زۆرێک لە داب و نەریتە نەتەوەییەکانی گەلی کوردیشی تۆمار کردووە و کردارە باشەکان و کردەوە ناشیرینەکانی کۆمەڵگای کوردی نیشان داوە، هەر بۆیەش مامۆستا هێمن ئەم رۆمانە بە چیرۆکێکی رئالیستی رەخنەگرانە دائەنێ و دەڵێ: «چیرۆکی قەڵای دمدم نموونەی ئەدەبێکی ریئالیستی ڕەخنەگرانەیە لە ئەدەبی کوردیدا کە ئەگەر بێ وێنە نەبێ کەم وێنەیە. لە لابەلای دێڕەکانی ئەم چیرۆکەدا پەردە لە سەر واقیعی ژیانی کوردەواری هەڵدراوەتەوە و ڕێ و شوێنی نەتەوایەتی نەتەوەی کورد بە لایەنی باش و خراپدا نیشان دراوە... مامۆستا نە لە نیشاندانی کردارە باشەکاندا زێدەڕەوی کردوە و لە ڕاستی دوور بۆتەوە، نە کردەوە دزێو و ناشیرینەکانی شاردوونەوە» (شەمۆ، ۱۹۸۴: ۹-۱۰).

بە خوێندنەوەی ئەم دوو کتێبە بۆمان دەردەکەوێ کە بۆچوونی نووسەرەکانیان لە گێڕانەوەی ئەم کارەساتە زۆر جیاوازە، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ ئەدرێ بە پێی قوتابخانەی ئەمریکی ئەدەبی بەراورد، بەراوردێک بکرێ لە نێوان بۆچوون و ڕیوایەتی رەسمی ئەسکەندەر بەگی تورکمان، نووسەری تایبەتی شاعەباسی سەفەوی و عەرەب شەمۆ نووسەر و رۆمان نووسی گەورەی کورد سەبارەت بەم کارەساتە مێژووییە و وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە.

۱- هۆکارەکانی ڕوودانی کارەساتی قەڵای دمدم لە روانگەی دوو نووسەرەوە چین؟

۲- چ جیاوازییەک لە نێوان گێڕانەوەی دوو نووسەر بۆ کارەساتی قەڵای دمدم هەیە؟

**۲- پێشینەی توێژینەوە**

هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، کارەساتی قەڵای دمدم ڕەنگدانەوەی زۆری بووە و لە چەندین سەرچاوەدا تۆمار کراوە و توێژینەوەی لە سەر کراوە کە لێرەدا بە برێک لەو سەرچاوە و توێژینەوانە ئاماژە دەکەین.

یەکێک لە گرینگترین سەرچاوەکانی ئەم رووداوە کتێبی *مێژووی عالەم ئارای عەباسی* یە. ئەم کتێبە نووسراوی ئەسکەندەر بەگی تورکمانە. ئەم کتێبە یەکەم سەرچاوەی فەرمییە لە بارەی ئەم کارەساتەدا کە سەرچاوەکانی تری وەک "تاریخ افشار" میرزا رشید ادیب الشعرا هەر زانیارییەکانی ئەویان دووپاتکردۆتەوە (ادیب الشعرا، ۱۳٤٦: ۱۹-۳۲).

"بەیتی دمدم" یەکێکی‌تر لە سەرچاوەکانی ئەم رووداوەیە کە چەندین بەیت بەو نێوە هەر لە قەدیمەوە بە شێوازی زارەکی لە لایەن بەیت بێژە هونەرمەندەکانی کورد کوتراونەتەوە و پارێزگارییان لێ‌کراوە. گرینگترین بەیت لە بارەی کارەساتی دمدم، ئەو بەیتەیە کە زانای گەورەی ئاڵمانی "ئۆسکارمان" لە مەهاباد لە کەسێک بە نێوی رەحمان بەگر بیستوویەتی و لە ساڵی ۱۹۰۵ی زایینی‌دا چاپی کردووە و ئێستا لەبەر دەست دایە. لەم بەیتە حەماسییەدا خەیاڵی شاعیرانە بەسەر راستییەکانی مێژوویدا زاڵە و شاعیر شتی وای لە بەیتەکەدا گونجاندووە کە لە ڕاستی بە دوورن (ئۆسکارمان، پێشەکی، ٢٠١٤: ١٧). لە ناو ئەو کۆمەڵە دەستنووسەی کە ئەلکساندر ژابا رۆژهەڵات ناس و کوردناسی پایەبەرز کۆی کردۆتەوە، چیرۆکێکی شیعری سەبارەت بە قەڵای دمدم بە زاراوەی کرمانجی هەیە کە نووسەرەکەی نەناسراوە و نووسینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەهەم یا سەرەتای سەدەی هەژدەهەم (پیرباڵ، ۲۰۰۰: ۷).

چیرۆک نووسی گەورەی کورد "عەرەب شەمۆ" لە رۆمانی مێژوویی *دمدم* دا بە هونەرمەندانە ئەم کارەساتەی گێڕاوەتەوە. ئەم کتێبە بە ڕێنووسی رووسی نووسراوە و مامۆستا شوکور مستەفا هێناویەتە سەر ڕێنووسی کرمانجی خواروو.

مامۆستا مەلا کەریم فیدایی لە هۆنراوەی حەماسی *دمدم‌نامە*دا بە شێوازێکی حەماسی و لە سەر کێشی *شاهنامەی* فیردەوسی و لە نزیک حەوت هەزار بەیتدا چیرۆکی قەڵای دمدمی تۆمار کردووە تا ئازایەتی و چارەڕەشی کورد نیشان بدا (فیدایی، ۱۳۷۷: ۳۰). *شەهیدانی قەڵای دمدم* ناوی چیرۆکێکی کورتە کە مستەفا سالح کەریم ئەندامی یەکێتی ئەدیبانی عێراق لە ساڵی ۱۹۵۸دا نووسیویەتی.

جیا لەم سەرچاوانە، چەند توێژینەوە یەکیش لە بارەی قەڵای دمدم ئەنجام دراون کە بە چەند دانەیێکیان ئاماژە دەکەین. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر (۲۰۰۸) لە کتێبی *کارەساتی قەڵای دمدم بە رۆشنایی سەرچاوە مێژوویی و دەقە فولکلۆرییەکاندا* لە چوار بەشی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناوچەکە، کەسایەتی خانی لەپ زێڕین، پەیوەندییەکانی خانی لەپ زێڕین و ململانێی خانی لەپ زێڕین لە گەڵ شاعەباسدا، بە کەلک وەرگرتن لە چەند سەرچاوەی مێژوویی و دەقی فولکلۆری ئەم کارەساتەی شرۆڤە کردووە بێ‌ئەوەی ڕاستەوخۆ کەلک لە کتێبی *مێژووی عالەم ئارای عەباسی* وەربگرێ. یونس قربانی فر (۱۳۸۹) لە وتارێکدا بە ناوی "مقایسەی چگونگی بازنمونی رویداد تاریخی دمدم در دو روایت بیت دمدم و عالم آرای عباسی" گێڕانەوەی رووداوی قەڵای دمدمی لە ڕوانگەی ئەسکەندەر بەگی تورکمان و ئەو بەیتی دمدمەی کە ئوسکارمان لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە رەحمان بەگری بیستووە و لە کتێبی *توحفەی موزەفەرییە* دا بڵاوی کردۆتەوە، بەراورد کردووە و بە هەڵە ئیدیعای کردووە کە ئەم بەیتە تەنیا سەرچاوەی کوردییە لە بارەی کارەساتی قەڵای دمدم «تنها منبع بە زبان کردی کە از این حادثه یاد کرده، داستانی منظومه‌ای بە نام بیت دمدم است» (قربانی فر، ۱۳۸۹: ۱). سید هاشم آقاجری و هاوکاران (۱۳۹۰) لە وتاری "شورش قلعه دمدم، چگونگی و علل آن در عصر شاه عباس اول" هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشی قەڵای دمدم یان شی کردۆتەوە و لەو باوەڕە دان کە ئەم شۆڕشە، شۆڕشێکی مەزهەبی و نەتەوەیی بووە و بە هۆی سیاسەتی ناوەندگەرایی و مەزهەبی شا عەباسی سەفەوی ڕوویداوە (آقاجری و همکاران، ۱۳۹۰: ۱). حسن زندیه و آرش قنبری (۱۳۹۵) لە وتارێکدا بە نێوی "بررسی علل و پیامدهای سرکوب کردهای برادوست و فتح قلعه دم دم در دوران حکومت شاه عباس اول صفوی" لە ژێر کاریگەری بۆچوونەکانی ئەسکەندەر بەگی تورکمان لە کتێبی *مێژووی عالەم ئارای عەباسی* دا هۆکارەکان و دەرەنجامەکانی کارەساتی قەڵای دمدمیان تاوتوێ کردووە.

### ۳- شوێنی جوگرافیایی و مێژووی قەڵای دمدم

قەڵای دمدم لە سەر کێوێک هەر بەو ناوە هەڵکەوتووە کە دەکەوێتە هەژدە کیلۆ مەتری شاری ورمێ لە سەر ڕێگای ورمێ-شنۆ و لە کەنار گوندێک بە نێوی کوکیا. لە تەنیشت ئەم کێوەدا چۆمی بەراندێز تێدەپەڕێ (پدرام، ۱۳۷۳: ٤١).

مێژووی ئەم قەڵایە وەک ئەسکەندەر بەگی تورکمان بە نەقل لە کوردەکانی ئەو دەوەرە باسی دەکا، دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە ئیسلام. «در میانه اکراد مشهور است که قبل از ظهور اسلام و زمان اکاسره در همان مکان قلعه بوده که به قلعه دمدم اشتهار داشته و به تصریف زمان منهدم گشته» (ترکمان، ١٣٩٠، ج٢: ٩٧٩). واتە لە نێو کورددا باوە و دەڵێن لە پێش ئیسلامدا و لە زەمانی ساسانییەکان(اکاسره) دا لە شوێنی ئەو قەڵایەدا قەڵایەک بووە کە بە قەڵای دمدم ناسراوە و بە دەستدرێژی ڕۆژگار وێران بووە.

لە زۆربەی سەر چاوەکاندا هاتووە کە قەڵای دمدم لە ناوچەی تەرگەوەڕی سەر بە شاری ورمێ هەڵکەوتووە (ترکمان، ١٣٩٠، ج٢: ٩٧٩ و عەبدولڕەحمان عومەر، ٢٠٠٨: ١٨)، بەڵام ئێستا ئەو ناوچەیەی کە قەڵای دمدمی لێیە، گەڵی قاسملووی پێ‌دەڵێن کە دەکەوێتە سەر ڕێگای ورمێ بۆ شنۆ و ڕۆژهەڵاتی گەڵی بەراندێز و تەرگەوەڕ تەنیا بەو ناوچەیە دەڵێن کە لە نێوان ناوچەی مەرگەوەڕ و ناوچەی سۆما و برادۆست و لە سەر سنووری تورکیا هەڵکەوتووە.

## ٤- بارودۆخی کوردستان لە سەردەمی ڕووداوی قەڵای دمدم

ڕووداوی قەڵای دمدم لە سەرەتای سەدەی یازدەهەمی کۆچی، واتە لە ساڵەکانی ١٠١٧ – ١٠١٨ی کۆچی‌دا ڕوویداوە. لەو سەردەمەدا ناوچەی کوردستانی ئێران مەیدانی ململانێی دوو دەوڵەتی زلهێزی ئەو سەردەمە، واتە دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی سەفەوی بووە و هەر دوولا کوردیان وەک قەڵغان داناوە و سوودیان لێ‌وەرگرتوون و لەو بەینەش‌دا کورد بۆتە قوربانی و خوێنی ڕژاوە. لەو سەردەمەدا زیاتر لە نیوەی سنووری هاوبەشی ئەو دوو دەوڵەتە زلهێزە لە خاکی کوردستاندا بووە کە بێگومان کاریگەری زۆری لە سەر ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کورد لەو ناوچانەدا بووە. ململانێی نێوان ئەو دوو زلهێزە سەرەڕای ماڵوێرانی وای کردبوو کە کوردەکان دەبوایە ببنە بەرەیەکی شەڕ و یارمەتی یەکێکیان بدەن و هەندێک جاریش دەبوونە دوو بەرە و هەر بەرە پاڵپشتی لایەکیان دەکرد (عەبدولڕەحمان عومەر، ٢٠٠٨: ٨). ئەحمەدی خانیش لە پێشەکی *مەم و زین* دا زۆر مامۆستایانە ئاماژەی بەم ڕاستییە کردووە و دەڵێ:

بفکر ژ عەرەب حەتا ڤە گورجان — کورمانجییە بویە شوبهێ بورجان
ئەڤ ڕۆم و عەجەم ب وان حەسارن — کورمانج هەمی ل چار کەنارن
هەر دوو تەرەفان قەبیلێ کورمانج — بۆ تیرێ قەزا کرینە ئامانج
گۆیا کو ل سەرحەدان کلیدن — هەر تایفە سەددەکن سەدیدن
ئەڤ قولزومێ ڕۆم و بەحرێ تاجیک — هندی کو بکەن خروج و تەحریک
کورمانج دبن ب خون مولەتتەخ — وان ژێک ڤەدکەن میسالێ بەرزەخ

(خانی، ٢٠٠٨: ٤٤)

لەو سەر دەمەدا ناوچەی برادۆست کە هەندێ جار ناوچەکانی ورمێ، شنۆ، مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕیشی لە خۆ گرتووە لە ژێر فەرمانی فەرمانڕەوایانی برادۆست بووە. شەرەفخانی بەدلیسی لە کتێبی *شەرەفنامە* دا ناوی زۆربەی ئەو فەرمانڕەوایانەی هێناوە و پێی وایە کە میرانی برادۆست بە ڕەچەڵەک دەگەڕێنەوە بۆ سەر حەسنەوییەکان کە لە دینەوەر و شارەزوور حوکمڕانییان کردووە و دەڵێ: «هێندێ کەس هەروا دەزانن کە میرەکانی برادۆست بە بنەچەکە گۆرانن. بەڵام زۆر ڕاست و ڕەوانە کە بەرەبابی ئەوانە ڕاست و ڕەوان دەچتەوە سەر هیلال، کوڕی بەدر، کوڕی حەسنەوییە، کە فەرمانڕەوای دینەوەر و شارەزوور بووە» (بدلیسی، ٢٠٠٦: ٣٧٧). لەو سەردەمەدا کە ناوچەی ئازەربایجان کەوتە ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانی، ناوچەکانی برادۆست و مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی دا بوون و بە فەرمانی سوڵتانی عوسمانی، محەممەد بەگ ناوێک ببوو بە حاکمی برادۆست. هەر لەو سەردەمەدا ئەمیرخانی برادۆست ناچێتە ژێر فەرمانی محەممەد بەگ و بە هاتنی شاعەباس بۆ ئازەربایجان و گرتنەوەی ئەم ناوچانە، ئەمیرخان دەچێ بۆلای و شاعەباس دەیکا بە حاکمی ناوچەکانی ورمێ، شنۆ، برادۆست، مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ.

### ٥- بەراوردێک لە نێوان ڕۆمانی *دمدم* و کتێبی *مێژووی عالەم ئارای عەباسی*

بەشێک لە جیاوازیی نێوان ئەم دوو کتێبە بۆ جۆری نووسینیان دەگەڕێتەوە و جیاوازییەکی سروشتییە، چونکە یەکێکیان گێڕانەوەیەکی مێژووییە لە سەر ڕووداوەکانی ئەم دەورەیە، بەڵام ئەوی تریان ڕۆمانێکی مێژووییە کە هەم ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و هەم لە هێزی خەیاڵ کەلک وەردەگرێ و زۆر ڕووداو و کەسایەتی و دیمەنی خەیاڵی دەگێڕێتەوە و وەسف دەکات. ئەو جیاوازییانەی لەم توێژینەویەدا تیشکیان دەخرێتەسەر، جیاوازیی بۆچوونی ئەو دوو نووسەرەیە لە گێڕانەوەی کارەساتی قەڵای دمدم و کوژرانی ئەمیرخانی برادۆست کە لە چەند خاڵدا کورتیان دەکەینەوە.

### ٥-١- دەسپێکی گێڕانەوەی ڕووداوەکە

سەرەتای گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە لە دوو کتێبەگەدا زۆر جیاوازە. ئەسکەندەر بەگ چیرۆکەکەی بە یاغیگەری ئەمیر خان دەست پێدەکات و دەڵێ: «ذکر مخالفت و عصیان امیرخان برادوست و رفتن جناب اعتماد الدوله به ولایت ارومی و محاصرەی قلعه دمدم و بیان سوانح حالات» (ترکمان، ۱۳۹۰، ج۲: ۹۷۸). دواتر بەسەرهاتی ئەمیرخان بە وەک پەند دادەنێ و داوا لە بەردەنگەکانی دەکا گوێ لەو چیرۆکە بگرن و پەندی لێ وەربگرن «شرح احوال امیرخان عبرت بخش عالمیان است، ای جویای سخن لحظەای مستمع بوده، گوش هوش با من دار و کیفیت معامله او را دریاب» (هەمان سەرچاوە: ۹۷۸)؛ بەڵام عەرەب شەمۆ چیرۆکەکە بە وەسفی قەڵای دمدم لە وەرزی بەهار و وەسفی بازار و پیشەکان و چێشتخانەکان و جم و جۆڵی ژیان لە ناو قەڵادا دەست پێدەکات و دەڵێ: «بەهار هەمیشە درەنگ دەگەیشتە ئێرە، بەڵام ئەمساڵ بەفر هەر لەسەر چیا گەردەنکەشەکان سپی دەچووە. بەهارەکەی قەڵای دمدم تازە پێڕۆکە ببوو. بەفر تەنیا ئەوانە مابوون کە زستانان با دەپەنا و پەسێو و چاڵە قووڵەکانی دەکردن... بەو هەوا خۆشە، لە وان ڕۆژاندا هەر لە سبیانێوە تا ئێوارێ قەڵا پڕ بوو لە خەڵک، هاتووچۆکەران سەرگەرمی سەودا و مامەڵە بوون... بازاڕی قەڵا پڕ بوو لە خەڵک، لە دەشتەکی و کۆچەر، لە ئازربایجانی و لە خەڵکی وانێ، لە خەڵکی وڵاتی ئاسۆریان و لە خەڵکی زۆر ناوچەی دیکەش» (شەمۆ، ١٩٨٤: ٢٢-٢٣). شەمۆ هەر لەو بەشەدا قەڵا وەک شارێکی ئاوەدان وەسف دەکا و دەڵێ: «ڕاستە شاری قەڵای دمدم وەکو شارە کەوناراکانی سەردەمانی پێشوو هێندە گەورە و فرەوان نەبوو، بەڵام ئەمیش ببوو بە شارێکی زۆر چاک و چت خەیاڵ کردبا تێیدا وەچەنگ دەکەوت» (هەمان سەرچاوە: ٢٩).

### ٥-٢- ناساندنی ئەمیرخانی برادۆست

ئەگەرچی هەردوو نووسەر ئاماژە بە ئازایەتی و مێرخاسیی ئەمیرخان دەکەن، بەڵام لە ناساندنی ئەو ئەمیرە کوردە جیاوازی زۆریش لە نێوان دوو نووسەر هەیە کە بە کورتی ئاماژەی پێدەکەین. ئەم جیاوازییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەسکەندەر بەگ نووسەر و نمەک خۆری شاعەباس و دوژمنی نەتەوی ئەمیرخان بووە و داوای ئەو سەردارە کوردەی بە خەیانەت و سەرپێچی داناوە و بە ئاشکرایی جنێوی بە کوردان داوە و بە وەحشی سفەتانی تیرەی ئینسان ناویان دەبا و لەو کاتەی کە ئەمیر خان لە سەلماس دەچێتە لای شاعەباس و شاعەباس دەیکا بە فەرمانڕەوای ناوچەکانی ورمێ، شنۆ، برادۆست، مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ، لە بارەی کوردانда دەڵێ: «بنابر اطمینان خاطر او و تألیف قلوب سایر امراء اکراد که وحشی صفتان طوایف انسانند او را نگاه داشته، به بهانه خدمتی رخصت رفتن الکاء دادند و او ظاهرا خود را از زمرەی فدویان شمرده، باطنا از تعصب مذهب یا شرارت نفس با امراء قزلباش آن سرحد عناد ورزیده، سودای استقلال و استبداد در سویدای خاطرش جای گرفته بود» (ترکمان، ۱۳۹۰: ۹۷۹).

وەک دەبینرێ ئەسکەندەر بەگ، ئەمیرخان بە پیاوێکی یاغی، چاپلوس، دەروون پیس، دووڕوو و خائین بە شا عەباس وەسف دەکا. لە بارەی ژیانی ئەمیرخان و بنەماڵەکەی هیچ زانیارییەک ناداتەدەسـت و تەنیا لەو کاتەوە باسـی دەکا کە لە سـەڵماس دەچێتە لای شـاعەباس و دەبێ بە یەکێک لە ئەمیرانی ئەو. ئەمە لە حاڵێک دایە کە عەرەب شـەمۆ، ئەمیرخانی برادۆسـت بە پیاوێکی قارەمان و نیشـتیمان پەروەر ناو دەبا کە پارێزگاری لە خاک و خەڵکی خۆی دەکا و لە زمانی ئەوەوە دەڵێ: «خۆ بۆ خۆتان، گەورە و بچووک ئاگادارن، لەوەتی قەڵامان بینا کردووە، چەند جاران شای ئێران لەشکری لێ کردووین و هێرشی هێناوەتە سـەرمان. بە چاوی خۆتان دیتتان کە پار پایزێ چ قۆشـەنێکی نارده سـەرمان، بەڵام پشـت بە خۆدا و لە سـایەی سـەری عەشیرەتەکەمانەوە نەمانهێشت هێندەی پووشکەیەک سـەر شـۆڕ بین و نێومان چڵکن و لەکەدار بێ. ئێمە خاکی نیشـتمانی کەونارای باب و باپیرانمان هەمیشـە پاراسـتووە و دەشـی پارێزین... پیاوی چابن وەرن هەموو سـوێند بۆ یەک بخۆین تا یەکمان هەناسەی تێدا مابێ کۆڵ نەدەین و خاکی خۆمان بە دژمن نەدۆڕێنین» (شەمۆ، ١٩٨٤: ١٢٤-١٢٥). شەمۆ لە ڕێگەی فلەش بەگێکەوە و لە بەشێکی ڕۆمانەکەیدا بە ناوی "سەربهوردی خانۆ" لە بارەی بنەماڵەی ئەمیرخان و چۆنیەتی بوونی بە سەرۆکی عەشیرەتەکەی، زانیاری زۆرمان پێدەدا (هەمان سەرچاوە: ٩٩-١٢٥). عەرەب شەمۆ تەنانەت ڕواڵەتی ئەمیرخانی برادۆستمان بە وردەکاریەکانیەوە بۆ وەسف دەکا و باس لە بەژن و باڵا و کڵاو و جامانە و عەبا و قوندرەی پێی و تەنانەت قەننە کێشانەکەی دەکا و لەو بارەیەوە ئەوەندە زێدەڕەوی ئەکا کە دەمانچەیەکیش دەکاتە بەر بەژنی ئەمیرخان! (هەمان سەرچاوە: ١٥٠-١٥١).

ئەسکەندەر بەگ، قارەمانی ئەم چیرۆکە بە "امیرخان"، "امیر بیک"، "امیرخان برادوست" و "امیرخان چولاق" ناو دەبا، بەڵام عەرەب شـەمۆ، نازناوی "خانۆ" و "خانۆی لەپ زێڕین"ی بۆ بەکار دێنێ. ئەسـکەندەر بەگ پێیوایە نازناوی "امیرخان چولاق" بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کاتێک ئەمیرخان ئامادە نەبوو بچێتە ژێر فەرمانی موحەممەد بەگی فەرمانڕەوای برادۆست، چوو بۆ لای عومەر بەگی حاکمی سۆران و لە شـەڕی عومەر بەگ لەگەڵ دوشـمنەکانی بەشـداری کرد و لەو شـەڕەدا دەستێکی لە ئانیشکەوە پەڕی. ئەسکەندەر بەگ لەو بارەوە دەڵێ: «بعد از واقعة حضرت شاه جنت مکان کە رومیان طمع در ملک آذربایجان کردند و قبایل و عشایر اکراد تابعان این دولت رویگردان شده، تابع رومیه شدند شاه محمد بیک نامی از میرزادەهای برادوست به حکم خواندگار روم میر عشیرت و صاحب سنجق الکاء برادوست بود، امیر خان سر به اطاعت او درنیاورده... مدتی ملازم عمر بیک حاکم سهران بود و در معرکه جنگ که عمر بیک را با خصما دست داد یک دست امیر خان از بند بازو قطع شده به امیر بیک چلاق مشهور گشت» (ترکمان، ١٣٩٠، ج٢: ٩٧٨).

ئەمیرخانی برادۆست بە "خانی لەپ زێڕین"یش نازناوی دەرکردووە کە بە پێی زانیارییەکانی ئەسکەندەربەگ هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کاتێ شاعەباس کردی بە حاکمی ناوچەکانی ورمێ، شنۆ، مەرگەوەڕ، تەرگەوەڕ و برادۆست، فەرمانی دا دەستێکی زێڕیان بۆ دروست کرد «حسب الأمر الأعلی استادان زرگر صورت دستی از طلای احمر به جهت او ترتیب داده، به جواهر و لآلی ثمین ترصیع و تکمیل داده، بر بازوی او بستند و به مظنة حق شناسی و ظهور مردانگی توجه تام در باره او مبذول داشتند» (هەمان سەرچاوە: ٩٧٨)، بەڵام عەرەب شەمۆ پێی وایە کە چوون دوای تەواو بوونی قەڵای دمدم، زێڕی زۆری داوە بە وەسـتا و کارگەرەکان، پێیان گوتووە "خانۆی لەپ زێڕین". شـەمۆ لەو بارەوە دەڵێ: «پێشـان ناوی خان بوو، بەڵام کە لە دروست کردنی قەڵا بۆوە هێنای بە دەسـتی خۆی دەسـمزی وەسـتا و شـاگردانی دا. چوار چەنگ بۆ وەسـتا، سـێ چەنگ بۆ ئەم، دوو چەنگ بۆ ئەو. ئیدی لە وێ ڕۆژێوە ناوبانگی بە خانۆی لەپ زێڕین ڕۆی» (شەمۆ، ١٩٨٤: ١٤٣).

بە پێی کتێبی *مێژووی عالەم ئارای عەباسـی* و سـەرچاوەکانی تر، ئەمیر خان لە عەشـیرەتی "برادۆسـت" بووە (ترکمان، ١٣٩٠، ج٢ : ٩٧٨)، بەڵام عەرەب شــەمۆ ئەمیر خان لە هۆزی "بەرۆدار" دادەنێ و وەک پێشـتر ئاماژەی پێکرا لە بەشـێکی ڕۆمانەکەیدا بە درێژی باسی عشیرەتی بەرۆدار و بوونی ئەمیرخان بە سەرۆکی ئەو عەشیرەتە دەکا (شەمۆ، ١٩٨٤: ١١٩-١٢٥)، دیاریش نییە کە عەرەب شەمۆ ناوی ئەو عەشیرەتەی لە کوێ هێناوە و چۆن ئەمیرخانی کردووە بە سەرۆکی ئەم هۆزە.

**۵-۳- چۆنیەتی دروست کردنی قەڵای دمدم**

لەم بارەیەوە ئەسکەندەر بەگ تەنیا ئاماژە بەوە دەکا کە ئەمیرخان دوای ئەوەی لە لایەن شاعەباسەوە دەکرێ بە حاکمی ناوچەکانی ورمێ، شنۆ، مەرگەوەڕ، تەرگەوەڕ و برادۆست، بە قەڵای هەرەس هێناوی ورمێ ڕازی نابێ و بە ئیجازەی شاعەباس قەڵای دمدم کە لە زەمانی ساسانییەکانەوە دروست بووە، سەر لە نوێ بە باشی دروستی دەکاتەوە و دەیکا بە ناوەندی دەسەڵاتی خۆی و هەڤاڵانی. هەڵبەت ئەسکەندەر بەگ ئەو کارەی ئەمیرخان بۆ مونافقی و ناپاکی و خەیانەتی ئەو بە شاعەباس دەگێڕێتەوە و دەڵێ: «... سودای استقلال و استبداد در سویدای خاطرش جای گرفته بود تا آنکه رأی نفاق آلودش به تعمیر قلعه متین رصین قرار یافته، به ارکان دولت قاهره عرض کرد که قلعه قدیم ارومی انهدام و اندراس یافته، قابل تعمیر نیست و اعتماد نمی‌شاید و بنده را حصاری که صیانت مال و حفظ اهل و عیال از سر مخالفان توان نمود لازم است، اگر رخصت همایون باشد، چهار دیواری در محل مناسب نماید. حضرت اعلی نظر بر ظاهر حال او انداخته، رخصت دادند و او در سه فرسخی بلدۀ ارومی بر بالای کوه رفیع که داخل ترکور است طرح قلعه انداخته، شروع در کار کرد» (ترکمان، ۱۳۹۰، ج۲ : ۹۷۹). دواتر خاوەنی کتێبی *مێژووی عالەم ئارای عەباسی* قەڵاکە و تایبەتمەندییەکانی بە درێژی وەسف دەکا و لە کۆتایی وەسفەکەیدا دەڵێ: «مجملا قلعه مزبور مشتمل بر پنج قلعه است یکی اصل قلعه و یکی قلعه پایین و یکی سولق و یکی بوزلق و یکی برج بزرگ دروازه شرقی که مذکور شد، هر پنج در کمال استحکام که پیک تیزگام اوهام را عبور و مورچۀ خیال را مرور بر آنها در نظر شبروان حوادث دور می‌نماید» (هەمان سەرچاوە: ۹۸۵).

عەرەب شەمۆ زۆر بە وردی وەسفی قەڵای دمدم و بازار و مەیدان و دووکان و مزگەوت و کۆشک و باڵەخانەکانی دەکا و ئاماژە بە شێوازی دروست کردنی قەڵاکەش دەکا و دەڵێ: هەر ئەو وەستایەی کە چەندین قەڵای بو شاعەباس دروست کردبوو و شاعەباس دەیویست بی کوژێ، لە دەستی ئەو ڕادەکا و پەنا بۆ خانۆ دەبا و خانۆش دڵنەوابیەکی پیاوانەی دەکا و پێی دەڵێ: «من شاعەباس نیم، تۆ قەڵایەکی چاکم بۆ دروس بکە بەڵێنی پیاوان بێ وەکو بیلبیلەی چاومت بپارێزم و دەسمزێکی چاکیشت بدەمێ» (شەمۆ، ۱۹۸٤: ۱٤۲-۱٤۳). وەستا قەڵای دمدمی بە باشی بۆ دروست دەکا و وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا خانۆش بە باشی خەڵاتی دەکا. شەمۆ، ناوەندی قەڵاکە وەک شارێکی گەورە وەسف دەکا کە پڕە لە دووکان و بازار و کارگە و... «شاری قەڵای دمدم ئەوڕۆ یەکێ لەو شارە بە ناوبانگانەیە کە بە سەدان بازرگان و کاروانی کووتاڵ و شمەکی هەمەڕەنگی بۆ دەچێ» (هەمان سەرچاوە: ۱۳۳-۱۳٤).

**۵-٤- هۆکارەکانی دەستپێکردنی شەڕی قەڵای دمدم**

ئەسکەندەر بەگ بە هۆی ئەوەی نووسەری سەر بە دەسەڵاتە و هەرچی خاست و ویستی دەرباری شاهانەیە دەنووسێ، تەواوی هۆکارەکانی دەست پێ کردن و هەڵگیرسانی ئەو شەڕە دەخاتە ئەستۆی "ئەمیرخان" و ئاماژە بەو هۆکارانە دەکا:

۱- بەشداری نەکردنی "ئەمیرخان" لە شەڕی دژ بە هێرشی "جغال ئوغلی" عوسمانی بۆ سەر ئازەربایجان، واتە کاتێک جغال ئوغلی هێرشی کردە سەر ئازەربایجان و لە دەوروبەری تەورێز لە گەڵ سپای شاعەباس شەڕ و پێکدادان ڕوویدا، ئەمیرخان ئەگەرچی لە ناوچەکە نزیک بوو لەخۆبایی ببوو و خۆی لە شەڕەکە بوارد و بەشداری نەکرد. «بسیاری از قبایل و میرزاده‌های قبایل عشایر اکراد به ملازمت او تصرف جسته، راه خدمت می‌سپردند و بدین جهات در اندک روزی بخار نخوت به کاخ دماغش راه یافته، در هنگامی که جغال اغلی به ولایت آذربایجان لشکر کشیده، در حوالی تبریز مصاف واقع شد با وجود قرب جوار از سعادت حضور دوری جست» (ترکمان، ۱۳۹۰، ج۲: ۹۷۹).

۲- کاتێک "ئەمیرخان" قەڵای دمدمی دروست کرد، "پیربوداقخان"ی حاکمی تەورێز ئەو کارەی ئەمیرخانی بە ملهوڕی و لاساری زانی و بە شاعەباسی ڕاگەیاند کە دروست کردنی ئەو قەڵایە بە قازانجی دەوڵەت نییە. «پیربوداق خان امیر الامراء تبریز که مرد با رأی و هوش کار آزموده بود از اطوار نفاق آلود امیرخان آثار عصیان مشاهده می‌نمود، معروض درگاه عالم پناه گردانید که امیرخان پای از جاده اخلاص بیرون نهاده، هوای خلافت و عصیان در سر دارد و بدین سبب قلعه رفیع بلند اساس طرح انداخته که در حدوث وقایع روزی او را به کار آید و این غلام قلعه ساختن او را صلاح دولت روز افزون نمی‌داند» (هەمان سەرچاوە: ۹۷۹). بە فەرمانی شاعەباس پیربوداق خان و قزڵباشەکانی دیکە ویستیان ڕێگری لەو کارە بکەن و بەو هۆیەوە پیر بوداق خان پیاوێکی باوەڕپێکراوی وەک نوێنەری خۆی دەنێرێ بۆ لای ئەمیرخان کە دەست لە دروست کردنی ئەو قەڵایە هەڵبگرێ و زمانی نەیاران لە خۆی نەکاتەوە، بەڵام "ئەمیرخان" گوێی پێ‌نەدان و دوژمنی لە گەڵ قزڵباشـەکان کرد و نوێنەری پیربوداق خانیش بە دەستی برادۆستەکان کوژرا. ئەسکەندەر بەگ لەو بارەوە دەڵێ: «القصه امیرخان اصلا گوش بدین سخنان نکرده، ملازم پیربوداق خان را اکراد برادوست به قتل آوردند و او قلعه در کمال استحکام داد، آذوقه و یراق به قلعه کشیده، از ارومی به آنجا نقل کرده و روز به روز در استحکام قلعه و سر انجام اسباب قلعه داری می‌کوشید و فی الحقیقهٔ جهت خود اسباب ادبار سرانجام می‌داد» (هەمان سەرچاوە: ۹۸۰).

۳- پەنادانی "خان ئەبدال"ی موکری برای شـێخ حەیدەری موکری و بیست کەس لە هاوڕێکانی کە لە شاعەباس یاغی ببوون و پەنایان بۆ قەڵای دمدم بردبوو. «از جمله خان ابدال مکری برادر شیخ حیدر که با حضرت اعلی یاغی بود و از بیم عساکر منصوره در یورت و مسکن قدیم مجال اقامتش نماند بی سر و سامان می‌گشت، در این وقت با بیست نفر از هواخواهان خود پناه به او آورد و امیرخان او را در قلعه جای داده، انیس و جلیس خود گردانیده، رعایت می‌نمود» (هەمان سەرچاوە: ۹۸۰).

٤- قەبووڵ نەکردنی هاتنی ئەو جەلالییانەی کە لە دەست عوسمانی ڕایانکردبوو و شاعەباس دەیویست لە ناو برادۆستەکان دا جێگیریان بکا. بە پێی گێڕانەوەی ئەسکەندەر بەگ، ئەمیرخان بە بیانووی ئەوەی کە پیربوداق خان سەرکردەی ئەو لەشکرەیە کە لە گەڵ جەلالییەکان هاتووە و نێوانیان خۆش نییە، ناتوانێ بەشداری ئەو لەشکرە بکا. بۆ ڕاگرتنی دڵی ئەمیرخان، شاعەباس دەستوو دەدا کە ئەو ئەرکە لە پیربوداق خان وەربگیرێتەوە و بدرێ بە حەسەن خان، بەڵام دووبارە ئەمیرخان هاوڕاهیان ناکا و شەڕ لە نێوانیان دا ڕوودەدا و هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە شاعەباس فەرمان بدات بە "اعتمادالدولە"ی وەزیر هێرش بکاتە سەر قەڵا و ئەمیرخان دابمرکێنێ (هەمان سەرچاوە: ۹۸۰-۹۸۲).

بە پێچەوانەی ئەسکەندەر بەگ، عەرەب شەمۆ هۆی هەڵگیرسانی شەڕی قەڵای دمدم بۆ دوژمنایەتی سوڵتانی عوسمانی و شای ئێران لەگەڵ کوردان دەزانێ و پێی وایە شاعەباس و سوڵتانی عوسمانی پەیمانیان بەستبوو کە کوردستان لە نێوان خۆیان دابەش بکەن، نیوەی ئێران هەڵی لووشێ و نیوەکەی دیکە عوسمانی (شەمۆ، ۱۹۸٤: ۱۳۷). شەمۆ لە زمانی ئەمیرخان و لە وەڵامی نێردراوەکانی میرسادقی میری شەمدینان دەڵێ: «بەڵێ پادشای ڕۆم و شای ئێران کوردستانیان لە نێوان خۆیان بەش کردووە، نازانم میرسادق پێی زانیوە؟ بۆیە شای ئێران لە لایەک و پادشای ڕۆم لە لایەک هێرشمان بۆ دێنن» (هەمان سەرچاوە: ۱۵۲).

عەرەب شەمۆ هۆکاری سەرەکی داگیرسانی شەڕەکە بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە "خانۆ" یارمەتی بۆ "سادق خان" میری شەمدینان دەنێرێ و بەیێکەوە سوپای عوسمانی تێک دەشکێنن. دوای ئەوە سوڵتانی عوسمانی نامە بۆ شاعەباس دەنێرێ و دەڵێ: «شاعەباس ئەتوو چدەکەی؟ ئەدی ئێمە کوردستانمان لە نێوان خۆماندا نەبەشیەوە و بڕیارمان نەدا کە ئێوە لەکن خۆتانەوە لێدەن و ئێمەش لە قۆڵی خۆمانەوە، بەڵکە ئەم خێر و بەرەکەتە لە چەنگ ئەم بیانییانە دەرێنین؟ ئەوا من لە سەر ئەوەی بڕیارمان دابوو لەشکری خۆم هەنارده سەر شەمدینان، بەڵام دەڵێن خانۆی لەپ زێڕین لە وڵاتی تۆدایە و لە چیای دمدمە، لەشکری ناردووە، یارمەتی میری شەمدینانی کردووە، نەیهێشت میرنشینەکە بڕوخێنم. کوا تۆ چدەکەی؟ بۆچی پەیمانەکە بەجێ ناهێنی؟»

(هەمان سەرچاوە: ۱۸۹). بە پێی گێڕانەوەی عەرەب شەمۆ دوای ئەم نامەیە، شاعەباس قوڵی خان بانگ دەکا و نامەی پادشای رۆمێی دەداتێ. کاتێک قوڵی خان نامەکە دەخوێنێتەوە سەری واق دەمێنێ و دەڵێ: «شا خۆش و پایەدار بێ، ئەوە چەند ساڵە نە خەرج و باج و سەرانە دەداو نە بێگار و سوخرەکێشیش قەبوولٚ دەکا. فەرمانتان چییە بە سەری دا بدەم، هەر وێستا بچم قەڵاکەی وێران بکەم و بە دیلی بگرم...» (هەمان سەرچاوە: ۱۹۰). بەو جۆرە شاعەباس فەرمانی هێرش بۆ سەر قەڵای دمدم دەردەکا و کارەساتی قەڵای دمدم روودەدا. جێی ئاماژەیە هیچکام لەم زانیارییانەی کە سەبارەت بە هۆکارەکانی هەڵگیرسانی ئاوری شەڕ لە نێوان سپای شاعەباس و ئەمیرخانی برادۆست لە رۆمانی "دمدم" دا هاتوون، لە کتێبی "عالم آرا عباسی" دا نەهاتوون.

### ۵-۵- چۆنیەتی داگیرکردنی قەڵای دمدم و کوژرانی "ئەمیرخان"

بەپێی نووسینی ئەسکەندەر بەگ، لە مانگی شەعبانی ساڵی ۱۰۱۷ ی کۆچیدا شاعەباس کە زانی "ئەمیر خان" یاغی بووە، لەشکرێکی زۆری بە سەرکردایەتی "اعتمادالدولە"ی وەزیر کۆکردەوە و هێرشی کردە سەر ئەمیرخان. دوای چەند چاوپێکەوتن و ئاڵوگۆر کردنی چەند پەیامێک، بە ئاکام نەگەییشتن و ئەمیرخان حازر نەبوو لە کۆڕی وەزیردا بەشداری بکا و ڕایگەیاند کە ڕیش سپییەکانی برادۆست لە فڕ و فێڵی قزڵباش و جەلالییەکان لە ئەماندا نین و پێیان وایە "اعتمادالدولە" پێشی ئەوانی پێ ناگیرێ و ناتوانێ ئێمە بپارێزێ. دوای ئەوە "اعتمادالدولە" لە گەڵ ڕاوێژکارەکانی کۆبوونەوە و هاتنە سەر ئەوەی کە نەرمکێشی لە گەڵ ئەمیرخان لە بەرژەوەندی دەوڵەت دا نییە و بڕیاریان دا هێرش بکەنە سەر قەڵا «القصە خبث باطن ظاهر گشته، مشخص شد که گفتگوهای او محض چاپلوسی و حیله اندوزی بوده و به متانت و استحکام قلعه مغرور گشته،سلوک طریق عناد و استکبار اختیار نموده است و عالی جناب اعتمادالدوله با امراء عظام در مهم امیرخان مشورت نموده، این قدرها مسامحه و مدارا در معاملهٔ او جایز داشتن اصلا مناسب مصلحت دولت قاهره ندیدند... بنابرآن خاطر همگنان بر محاصره و قلعه گیری قرار گرفت» (ترکمان، ۱۳۹۰: ۹۸۳-۹۸۴). بەو جۆرە شەڕ لە نێوانیاندا روودەدا و دوای چەند مانگ گەمارۆدانی قەڵا و بەرخۆدان و خۆڕاگری ئەمیرخان و خەڵکی نێو قەڵا، لە ئاکامدا هێرشبەران دەچنە نێو قەڵا و ئەمیرخان خۆی تەسلیم دەکا بەو شەرتەی کە تا دەگاتە لای شاعەباس، پارێزگاری لە خۆی و هەواڵانی بکەن، بەڵام دوای تەسلیم بوونیان، لە ناو ئوردووگای سوپای سەفەوی شەڕ لە نێوانیاندا روودەدا و هەموویان دەکوژرێن.

بە پێی رۆمانی عەرەب شەمۆ، لەشکری شاعەباس چەند جار هێرش دەکاتە سەر ناوچەی قەڵای دمدم و ماڵی کوردان تاڵان دەکەن و خانۆش چەندین جار هێرشیان دەکاتە سەر و هێرشی "قوڵی خان" و "حوسێن خان" بۆ سەر قەڵا تێک دەشکێنێ. بە پێی گێڕانەوەی شەمۆ، دوای ئەو هەموو شکست و زەرەر و زیانە شاعەباس قاسدێک دەنێرێ بۆ لای ئەمیرخان و داوای لێ دەکا دەست لە شەڕ کردن هەڵگرێ. قاسدەکە دەگاتە لای ئەمیرخان و پێی دەڵێ: «سوپاس بۆ خوای گەورە کە بە سەلامەتی گەیشتمە حوزووری جەنابتان. خانۆ پایەدار بێ، من شاعەباس ناردوومیە خزمەتتان کە پێت ڕابگەیێنم ئیدی شەڕ نەکەی، ئەویش بە سوێندی قورئان بەڵێنت دەداتێ کە لەشکری خۆی بکێشێتەوە و جەنابت بە خانی کوردستانی ئێران بناسێ، دەست نە لە خۆت نە لە عەشیرەتیشت نادا و هەموو مانگێ دە زێڕیشت مووچە و سەوقات دەداتێ» (شەمۆ، ۱۹۸٤: ۲۷٦-۲۷۷). ئەمیرخان داواکارییەکەی شاعەباس ڕەد دەکاتەوە و لە ئاکامدا شاعەباس سوپایەکی گەورە بە سەرۆکایەتی "سەردارخان" دەنێرێ بۆ گرتنی قەڵا، بەڵام دوای چەند مانگ گەمارۆدان و شەڕ ناتوانن قەڵا داگیرکەن تا ئەوەی کەسێک بە نێوی مەحموود مەڕەکانی لە ناو قەڵاوە دێتەدەر و نامەیەک بۆ "سەردارخان" دەنێرێ و دەڵێ: ئەگەر دەتان هەوێ قەڵا بگرن، دەبێ سەرچاوەی ئاوی قەڵا بگرن تا لە بێ ئاوی خۆیان تەسلیم کەن. لە نامەکەدا سەرچاوەی ئاوەکەشیان پێ نیشان دەدا و دەڵێ: «بچن لە سەرووی قەڵاوە هەندێ گۆڕمی تووش هەن، لە وێ چەند قووچە بەردێک بە ریز داندراون، لەبن ئەو بەردانەوە کارێزێک بۆ قەڵا لێدراوە، ئەگەر ئەو ئاوەتان بڕی، قەڵا لە خۆڕا تەسلیم دەبێ. دەنا بە هیچ جۆرێکی دیکە ناتوانن قەڵا بگرن» (هەمان سەرچاوە: ۲۹۹). "سەردارخان" ئەو کارە دەکا و خەڵکی قەڵا لەبەر بێئاوی هێزی بەرخۆدانیان نامێنێ و لە ئاکامدا ئەمیرخان خەڵکی قەڵا کۆ دەکاتەوە و بە یێکەوە بڕیار دەدەن کە قەڵاکە بسووتێنن و خۆیان بە دەست دوژمنەوە نەدەن و بەم جۆرە قەڵای دمدم داگیر دەکرێ.

وەک دەبینرێ لەو شەڕەدا عەرەب شەمۆ ناوی سەرکردەکانی قزڵباش کە لە کتێبی "عالم آرا عباسی" دا هاتوون، بە تەواوی گۆڕیوە و لە خەیاڵی خۆی کەلکی وەرگرتووە. شـێوازی کوژرانی "خانۆ"ش جیاوازیی زۆری هەیە لە گەڵ ئەوەی کە ئەسکەندەر بەگ نووسیویەتی.

**٦- ئەنجام**

رووداوی قەڵای دمدم لە سەرەتای سەدەی یازدەهەمی کۆچی، واتە لە ساڵەکانی ١٠١٧ – ١٠١٨ی کۆچیدا ڕوویداوە. لەو سـەردەمەدا ناوچەی کوردسـتانی ئێران گۆڕەپانی ململانێی دوو دەوڵەتی زلهێزی ئەو سـەردەمە واتە دەوڵەتی عوسـمانی و دەوڵەتی سەفەوی بووە و هەر دوولا کوردیان وەک قەڵغانێک داناوە و سوودیان لێوەرگرتووە و لەو بەینەشدا کورد بونەتە قوربانی. کارەسـاتی قەڵای "دمدم" بۆ یەکەم جار لە کتێبی "مێژووی عالەم ئارای عەباسـی" نووسـراوی ئەسـکەندەر بەگی تورکمان کە مێژوونووسی دەوڵەتی سەفەوی و مونشی تایبەتی شاعەباس بووە و خۆی لە گەمارۆدانی قەڵا و هەموو رووداوەکانی پاش داگیر کردنیدا بەشـدار بووە، تۆمار کراوە. ئەو کارەسـاتە لە ئەدەبی زارەکی و فەرمی کوردیشـدا رەنگی داوەتەوە و بە چەشـنەکانی بەیت، گۆرانی، شێعری حەماسی، چیرۆک و رۆمان خۆی نواندووە. "عەرەب شـەمۆ" رۆمان نووسی گەورەی کورد یەکێکە لەو نووسـەر و ئەدیبە مەزنانەی کە بە شـێوەی "رۆمانی مێژوویی" ئەم رووداوە مێژووییەی لە رۆمانی "دمدم" دا تۆمار کردووە. بۆچوونی نووسەری ئەم دوو کتێبە لە گێڕانەوەی ئەم کارەساتەدا زۆر جیاوازە کە بە چەند خاڵیان ئاماژە دەکەین.

کتێبی *مێژووی عالەم ئارای عەباسی*، گێڕانەوەیەکی فەرمی و گوزارشـێکی مێژووییە لە سـەر رووداوەکانی ئەم دەورەیە، بەڵام رۆمانی شـەمۆ رۆمانێکی مێژووییە کە هەم رووداوەکان دەگێرێتەوە و هەم لە هێزی خەیاڵ کەلک وەردەگرێ و زۆر رووداو و کەسایەتی و دیمەن بە شێوەی خەیاڵی دەگێرێتەوە و وەسف دەکا. ئەسکەندەر بەگ لە سەرەتای چیرۆکەکەیدا باسی یاغیگەری ئەمیر خان دەکا، بەڵام عەرەب شـەمۆ چیرۆکەکە بە وەسـفی قەڵای دمدم لە وەرزی بەهار و وەسـفی بازار و پیشـەکان و چێشتخانەکان و جم و جۆڵی ژیان لە ناو قەڵادا دەست پێدەکا.

ئەسکەندەر بەگ، ئەمیرخان بە پیاوێکی یاغی، چاپلوس، دەروون پیس، مونافق و خائن بە شا عەباس وەسف دەکا و لە بارەی ژیانی ئەمیرخان و بنەماڵەکەی ئەو هیچ زانیارییەک ناداتەدەست، بەڵام عەرەب شەمۆ، ئەمیرخانی برادۆست بە پیاوێکی قارەمان و نیشتیمان پەروەر ناو دەبا کە پارێزگاری لە خاک و خەڵکی خۆی دەکا و لە بارەی بنەماڵەی ئەمیرخان و چۆنیەتی بوونی بە سەرۆکی عەشیرەتەکەی، زانیاری زۆرمان پێ دەدا و تەنانەت رواڵەتی ئەمیرخانی برادۆستمان بە وردەکاریەکانیەوە بۆ وەسف دەکا. بە پێی زانیارییەکانی ئەسکەندەر بەگ نازناوی "خانی لەپ زێڕین" بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شاعەباس فەرمانی دا دەستێکی زێڕیان بۆ دروست کرد، بەڵام عەرەب شەمۆ پێی وایە کە چوون دوای تەواو بوونی قەڵای دمدم، زێڕی زۆری داوە بە وەستا و کرێکارەکان، پێیان گوتوە "خانۆی لەپ زێڕین".

ئەسکەندەر بەگ تەواوی هۆکارەکانی دەست پێ‌کردن و هەڵگیرسانی شەڕی قەڵای دمدم دەخاتە ئەستۆی "ئەمیرخانی برادۆست"، بەڵام عەرەب شەمۆ هۆی هەڵگیرسانی ئەم شەڕە بۆ دوژمنایەتی سوڵتانی عوسمانی و شای سەفەوی لەگەڵ کورد دەزانێ و پێی وایە هۆکاری سەرەکی داگیرسانی شەڕەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە "خانۆ" یارمەتی بۆ "سادق خان" میری شەمدینان دەنێرێ و بەیێکەوە سوپای عوسمانی تێک دەشکێنن.

بە پێی گێڕانەوەی ئەسـکەندەر بەگ دوای چەند مانگ گەمارۆدانی قەڵا، هێرش بەران دەچنە نێو قەڵا و ئەمیرخان خۆی تەسـلیم دەکا بەومەرجەی کە تا دەگاتە لای شـاعەباس، پارێزگاری لە خۆی و هەواڵانی بکرێ، بەڵام دوای تەسـلیم بوونیان، لە ناو ئوردووگای سـوپای سـەفەوی شـەڕ لە نێوانیاندا روودەدا و هەموویان دەکوژرێن، بەڵام بە پێی گێڕانەوەی عەرەب شـەمۆ ئەمیرخان خەڵکی قەڵا کۆ دەکاتەوە و بە یێکەوە بڕیار دەدەن کە قەڵاکە بسـووتێنن و خۆیان بە دەسـت دوژمنەوە نەدەن و بەم جۆرە قەڵای دمدم داگیر دەکرێ.

**سەرچاوەکان**

**کوردی**

بدلیسی، میر شەرەف خان (٢٠٠٦). ***شەرەفنامە***، وەرگێرانی مامۆستا هەژار. چاپی سێهەم. هەولێر: ئاراس.

پیربال، فەرهاد (٢٠٠٠). ***مەلا مەحموود بایەزیدی یەکەمین چیرۆکنووس و پەخشاننووسی کورد***. دەنگی کورد.

خانی، ئەحمەد (٢٠٠٨). ***مەم و زین***. ئامادەکردن و پەراوێزنووسینی هەژار. چاپی دووەم. هەولێر: ئاراس.

شەمۆ، عەرەب (١٩٨٤). ***دمدم***، شوکر مستەفا کردوویە بە کرمانجی خواروو. چاپی دووەم. بەغدا: چاپخانەی کۆری زانیاری عێراق.

عومەر، سەروەر عەبدولرەحمان (٢٠٠٨). ***کارەساتی قەڵای دمدم لە بەر ڕۆشنایی سەرچاوە مێژوویی و دەقە فۆلکلۆرییەکاندا***. چاپی یەکەم. سلێمانی: ئینستیتیۆتی کەلەپوری کوردی.

فیدایی، مەلا کەریم (١٣٧٧). ***دمدم نامە***. چاپی یاکەم. سەقز: ئینتشاراتی محەمەدی.

کەریم، مستەفا سالح (بێ تا). ***شەهیدانی قەڵای دمدم***. سلێمانی. بێ نا.

ئوسکارمان (٢٠١٤). ***توحفەی موزەفەرییە***، پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی هێمن موکریانی. هەولێر: چاپخانەی هەولێر.

**فارسی**

ادیب الشعرا، میرزا رشید (۱۳۴۶). ***تاریخ افشار***، به کوشش محمود رامیار و پرویز شهریار افشار. تبریز: چاپخانه شفق.

آقاجری، هاشم و همکاران (۱۳۹۰). «شورش قلعه دمدم، چگونگی و علل آن در عصر شاه عباس اول». *فصلنامه علمی-پژوهشی تاریخ اسلام و ایران*، دانشگاه الزهراء. سال بیست و یکم، شماره ۹، صص ۱-۱۸.

پدرام، محمود (۱۳۷۳). ***تمدن مهاباد مجموعه آثار باستانی از قلعه دم دم تا تخت سلیمان***. چاپ اول. تهران: نشر هور.

ترکمان، اسکندربیگ (۱۳۹۰). ***تاریخ عالم آرای عباسی***. چاپ اول. تهران: انتشارات نگاه.

زندیه، حسن و قنبری، آرش (۱۳۹۵). «بررسی علل و پیامدهای سرکوب کردهای برادوست و فتح قلعه دمدم در دوران حکومت شاه عباس اول صفوی». *پژوهشنامه تاریخهای محلی ایران*. سال چهارم، شماره دوم، صص ۱۹-۲۸.

قربانی فر، یونس (۱۳۸۹). «مقایسه‌ی چگونگی بازنمونی رویداد تاریخی دمدم در دو روایت بیت دمدم و عالم آرای عباسی». *نیمسال نامه تاریخ نو*. شماره اول.